ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

PowerPoint - بەشی یەکەم.

نووسەر: Kameran Sorani

@: Kameran.Sorany@Gmail.Com

چۆنیەتی کارکردن لە سەر ( Powerpoint )و دواتر دروست کردنی ( Screensaver ).
مەبەستم بوو راستەوخۆ بابەتێک لە سەر دروست کردنی ( Screensaver ) بە یارمەتی پەرگەی( Powerpoint) و بەرنامەی ( Powerpoint screensaver maker ) بنووسم بەڵام تێبینی ئەوەم کرد کە پێشتر بابەتێک لە سەر ( Powerpoint ) بڵاو نەکراوەتەوە بۆیە وام پێباشە لە سەرەتا بۆ ئاشنا کردنی قوتابیان و خوێندکاران بە بەرنامەی (Powerpoint) زنجیرەیەک بابەت بڵاوبکەمەوە.
بەشی یەکەم
( Powerpoint ) بەرنامەیەکی نواندنە کە زیاتر لە بواری فێر کردن و پەروەردەیابەکاردەهێنرێ بۆ نموونە لە ووتنەوەی وانە یان خستنە رووی لێکۆڵینەوەو بابەتی جۆراوجۆر...هتد ؛ گرنگی ئەم بەرنامەیە لەوەدایە کە یارمەتی کەسی بەکارهێنەر ئەدات لە پێشکەشکردنی بابەتەکەی بە شێوەی جولاو و هاوئاهەنگ لەگەڵ دەنگ یان چەندین کاریگەری جوان و سەرنج راکێش .
لە رێگای ئەم بەرنامەیەوە ئەتوانیت چەند پەرگەیەک( dia's ) بە دواد یەکدا دروست بکەیت؛ لەم پەرگانە ( dia's ) دا ئەتوانرێت تێکست، گرافیک، وێنە، دەنگ، و تەنانەت فیلم بخرێنە روو.
کردنەوەی بەرنامەکە : بچۆ (start ) ودواتر (all programs ) دواتر (Microsoft powerpoint) هەڵبژێرە .
پەنجەرەیەکی بەم چەشنەت بۆ ئەکرێتەوە.




کرتە بکە لە بەشی سەرەوە تا ناونیشانی بابەتەکەت بنووسیت، دواتر لە ( Subtitle ) دەتوانیت خاڵبەندی بابەتەکەت بکەیت و یان زیاتر روونکردنەوە بکەیت لە سەر بابەتەکەت .
لە رێگای گۆشەی لاکێشەکانەوە ئەتوانین تایتڵ یان بابەتەکانی تر بچووک یان گەورەتر بکەین. هەروەها ئەتوانین لە ( Toolbar ) وە شێوەی فۆنتەکان و رەنگەکانیان هەڵبژێرین .
هەروەک لە وێنەکەدا دیارە چەندین ئامراز لە ( Toolbar ) ئەبینرێت کە سوودیان لێئەبینین بۆ کردنەوەی فایل، دروستکردنی فایلی نوێ، کۆپی، پرنت،..شێوەی فۆنت ، رەنگ ....هتد. لە بەشی خوارەوەشدا چەند ئامرازێکی تر هەن کە سوودیان لێئەبینین بۆ دروستکردنی شێوەی جۆراوجۆر ، یان هێنانی وێنە، ...هتد. هەروەها ئەتوانین هەموو ئەم ئامرازانە لە رێگای (menu bar ) جارێکی کە بەکار بهێنین.




بۆ دروست کردنی سلایدی (dia) نوێ بچۆ ( Insert )و دواتر کرته بکه له سهر ( New slide ) ، یان ئەتوانین لە بەشی چەپی پەرگەکەیا کرتە بکەی لە سەر بەشی چەپی ماوسەکەت و دواتر ( New slide ) هەڵبژێرە.




بۆ ڕەنگ کردنی پاشبەنای سلایدەکان بچۆ ( Format ) و دواتر کرته بکه له سهر (Slide design) و شێوەیەک لەو شێوانەی کە لە لای ڕاستی سلایدەکانەوە دەردەکەون بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە . تێبینی ئەکەیت کە پشتی سلایدەکان ئەگۆڕێن .




ئەگەر ویستت تەنها پشتی یەک سلاید بگۆڕیت ئەوا بچۆرە ( Format ) و کرتە بکە لە سەر ( Background ) ، نیشانەی ڕاست بدە لە ( Omit Background... ) و ڕەنگێک بە ئارەزووی خۆت هەڵبژێرە . ( Apply ) تەنها بۆ سلایدی هەڵبژێردراوە و ( Apply to all ) بۆ هەموو سلایدەکانە .




بۆ هێنانی وێنە بچۆ ( Insert ) دواتر ( Picture ) دواتر ( From file ) یان هەروەک پێشتر باسم کرد ڕاستەوخۆ لە ( Toolbar ) ئەم کارە ئەنجام بدەیت . پاش دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی وێنەکە ئەتوانیت کرتە لە وێنەکە بکەیت لە سلایدەکەداو لە ڕێگای گۆشەکانییەوە گەورەتر یان بچووکتری بکەیتەوە.







بۆ هێنانی دەنگ یان ڤیدیۆ بچۆ ( Insert ) دواتر (Movies and sounds) دواتر فایلێک بە وویستی خۆت هەڵبژێرە .
بە هەمان شێوە لە (Insert) ەوە ئەتوانیت گرافیک یان خشتە بهێنیت . بۆ دانانی سەر و ژێر لە سلاّیدەکاندا بچۆ ( Insert ) دواتر ( Date and time ) هەڵبژێرە. لە ( Footer) ژێری بابەت ئەنووسرێت و لە ( Header ) سەری بابەتەکە ئەنووسرێت.
کۆتایی بەشی یەکەم.
بەشی دووەم تایبەتە بە کاریگەرییەکانی تێکست، وێنە، گرافیک ....
بەشەکانی دیکەی ئەم بابەتە: بەشی دووەم، بەشی سێیەم، بەشی چوارەم.

Nov 2005 03

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت